Översättning till kurdiska språket (sorani)

# بەخێربێن بۆ ڤێستەرۆس!

Västerås stad بریتییە لە یەک شارەوانی، سەرجەمەکەی 290 شارەوانی لە سوێد هەیە. ژمارەی دانیشتووانی ڤێستەرۆس نزیکەی 000 136 کەس دەبێ و شەشەمین شاری گەورەی سوێدە. ڤێستەرۆس لە کەنار دەریاچەی Mälaren (مێلارێن) هەڵکەوتووە. لە ناو Mälaren دا چەندین دوورگە هەن و بە هاوینان مرۆڤ دەتوانێ بە کەشتی بچێتە ئەو دوورگانە. لە ناو ڤێستەرۆس و لە دەوروپشتی شارەکە زۆر شتی شایانی بینین هەیە. بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بەوە کە لە ڤێستەرۆس دەتوانن چی بکەن بڕواننە ماڵپەڕی زانیاری بۆ گەشتیاران. Länk http: //www.vasterasmalarstaden.se

ئێوە لە زۆر دۆخی جیاوازدا دەکەونە پێوەندی لەگەڵ بەشەجۆراوجۆرەکانی چالاکیی شارەوانی. چالاکییەکانی شارەوانی بەشێکن لە ژیانی ڕۆژانەی دانیشتووانی ڤێستەرۆس. کاتێک ئێوە داوای شوێنێک دەکەن لە پێشخوێندنگە، پرسیارتان هەیە سەبارەت بە شوێنی نیشتەجێبوونتان، لە خوێندنگەیەکی باش دەگەڕێن بۆ منداڵەکانتان، داخوازیی خزمەتگوزاریی ماڵێ واتە hemtjänst دەکەن یان کتێبێک لە کتێبخانە بە ئەمانەت وەردەگرن بۆ زۆربەی ئەم جۆرە بووارانە ئێوە ڕوودەکەنە شارەوانیی ڤێستەرۆس.

هەموو ئەوانەی لە ڤێستەرۆس دەژین لە سەتا 31,84 ی داهاتی خۆیان باج دەدەن. ئەم باجە سەرفدەکرێ بۆ زۆر چالاکیی جۆراوجۆر وەک بۆ نموونە پێشخوێندنگە بۆ منداڵان، خوێندنگەکان، خوێندنی گەورەساڵان، خاوێنکردنەوەی جادە و گۆڕەپانەکان، چالاکیی کاتی ئازاد و یارمەتی بۆ کەسانی بەساڵداچوو ئەگەر بێتوو بەحەوجێ بن.

بۆ بەشێک لە خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی ئێوە خۆتان پارەکەی دەدەن، بۆ هەندێکی تر لە خزمەتگوزارییەکان ئێوە خۆتان بەشێک لە پارەکەی دەدەن و بەشەکەی دیکەش لە پارەی باج دەدرێ. زۆر لە خزمەتگوزارییەکان بە تەواوی لە ڕێگای پارەی باجەوە دابیندەکرێن.

هەموو ئەو منداڵانە و مێرمنداڵانەی کە لە سوێد دەژین دەبێ لە تەمەنی حەوت ساڵییەوە بچنە خوێندنگە. ئەوان بۆیان هەیە ئەگەر خۆیان حەز بکەن ساڵێک پێشتر دەستبکەن بە پۆلی پێشخوێندنگە. چوونە خوێندنگە بە خۆڕاییە.

ئەگەر ئێوە خۆتان پارەکەتان بەشی بەڕێچوونتان نەکا شارەوانیی ڤێستەرۆس دەتوانێ لە باری ئابوورییەوە یارمەتیتان بدا و ئەو کاتە ئێوە شتێک وەردەگرن بە ناوی یارمەتی بۆ بەڕێچوون. ئەمە بریتییە لە کۆمەکێکی ئابووریی مانگانە کە دەبێ بەشی زۆر شت بکا بۆ نموونە خۆراک، جلوبەرگ و خانوو. ئەگەر بێتوو ئێوە نەتوانن ئابووریی خۆتان وا ڕێکخەن کە بەشتان بکا دەتوانن بۆ بەرنامەڕێژیی ئابووری خۆتان یارمەتی وەرگرن.

کەسانی بەساڵداچوو و ئەو کەسانە کە توانایی کار و هەڵسووڕانیان کەمبۆتەوە دەتوانن لە ماڵی خۆیاندا لە لایەن خزمەتگوزاریی ماڵێ واتە hemtjänst ەوە یارمەتی بدرێن. ئەمە بەو مانایەیە کە کەسێک دێتە ماڵی ئێوە

و یارمەتیتان دەدا بۆ کاروباری ناوماڵ وەکوو خاوێنکردنەوەی ماڵ، چێشتلێنان و شتی دیکە. ڕادەی یارمەتییەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئێوە چەندەتان یارمەتی پێویستە. هەروەها بۆ کەسانی بەساڵداچوو یان بۆ ئەو کەسانە کە توانایی کار و هەڵسووڕانیان کەمبۆتەوە شوێنی ژیانی تایبەتی هەیە کە لەو شوێنانە یارمەتیی زیاتریش پێشکەشدەکرێ. ئێوە خۆتان پێویستە بەشێک لە پارەی ئەو یارمەتییانە بدەن.

زانیاری سەبارەت بە پێوەندییەکان

بۆ وەرگرتنی یارمەتیی زیاتر ئێوە دەتوانن بچنە خانووبەرەی شارەوانی لە سەنتەری شاری ڤێستەرۆس بە ناونیشانی Fiskartorget. لەوێ کەسانی وا کاردەکەن کە دتوانن بتاننێرنە لای کەسی گونجاو بۆ وەرگرتنی یارمەتیی پێویست. هەموو ڕۆژانی ئاسایی لە کاتژمێر 7.30 تا 16.30 کراوەیە. ڕۆژانی پێش ڕۆژی پشوو لەوانەیە کاتی کراوە گۆڕانی بەسەردابێ. ئێوە دەتوانن بۆ شارەوانیی ڤێستەرۆس بەم ژمارەیە تەلەفۆن بکەن: 021 – 39 00 00.

Tolkservice واتە خزمەتگوزاریی وەرگێڕی لە کاتی پێویستدا

ئەو کەسانەی سوێدی باش نازانن لە کاتی پێوەندیگرتن لەگەڵ شارەوانیی ڤێسترۆسدا وەرگێڕیان بۆ دەستنیشاندەکرێ. کاتێک پێوەندی دەگرن بە کارگێڕییەکەوە بۆ ئەوەی سەردانیان بکەن پێیان ڕابگەیەنن کە پێویستیتان بە وەرگێڕ هەیە. کارگێڕییەکە بەرپرسیارە کە وەرگێڕ داوا بکا و مەسرەفەکەشی بدا. شارەوانیی ڤێستەرۆس لە Västmanlands tolkservice کەڵکوەردەگرێ، ژمارە تەلەفۆنی 131300 – 021، کە بە زیاتر لە 80 زمان وەرگێڕی بۆ قسەکردن و نووسین هەیە.

Länk: http://www.vastmanlandstolkservice.se/index.htm